# گەلی بەشەرەفی کوردستان

لەڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەی سالی ١٩٤٧ دا، پێشەوا قازی محەمەد و براکانی ئەبولقاسم سەدری قازی و محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی لە چوارچرای شاری مەهاباد بەدەستی داگیرکەرانی ئێرانی لە سێدارە دران.

دوابەدوای ئەو کردەوە درندانەیەیش ٢١ کەسی دیکە لە کاربەدەستانی کۆماری کوردستان لەبەشەکانی دیکەی ڕۆژهەلاتی کوردستان شەهیدکران.

کاتێک پێشەوا قازی محەمەد ڕۆژی دووی ڕێبەندانی سالی ١٩٤٦ کۆماری کوردستانی ڕاگەیاند، سوێندی خوارد کە هەتا ئاخرین دلۆپی خوێنی خۆی بۆ کورد و کوردستان وەفادار بمێنێ. ئەو لە کاتێکدا لە لایەن دادگایەکی لەشکری تاوانبار کرا کە دەیویست کوردستان لە ئێران جوێ بکاتەوە و دەولەتی سەربەخۆی کوردی ڕابگەیەنێت. پێشەوا بەوپەڕی ئازایەتیەوە لەسەر بیر و باوەڕی خۆی ڕاوەستا و بەگوێرەی گوتنی پارێزەرەکەی کە بەخۆیشی لە لایەن لەشکرەوە بەزۆر بەسەر پێشەوادا وەکو پارێزەر سەپێندرابوو، دەیگوت: "ئەوە دادگا نەبوو قازی محەمەدی دادگایی دەکرد، بەلکو ئەو بوو کە دادگاکەی دادگایی دەکرد".

پێشەوا لە دوایین خولەکەکانی ژیانی خۆیدا فەرمووی:"ئێوە محەمەدێک دەکوژن، بەلاّم دوای من هەزاران هەزار محەمەدی دی دروست دەبن و لەسەر مافی ڕەوای گەلی کورد تێدەکۆشن".

دواین وتەی پێشەوا "بژی کورد و کوردستان" بوو.

من لەو ڕۆژەدا سلاو لە گیانی پاکی هەموو ئەو خوشک و برایانە دەکەم کە گیانی خۆیان فیدای گەل و ئازادی نیشتمان کردووە.

ئێمە لە کاتێکدا یادی ڕۆژی شەهیدبوونی پێشەوا قازی محەمەد و هەموو شەهیدانی دیکەی کوردستان دەکەین کە فرسەتێکی بێوێنە بۆ گەلی کورد پێکهاتووە. بەتایبەت لە باشوری کوردستان پاش ئەوەی هێزە سەرەکیەکان و هەموو پارتە نیشتمانیەکان یەکیانگرتووە و گەلەکەمان لەو پارچەیەی کوردستان نزیکە لەوەی کە فریشتەی ئازادی دەباوەش گرێ.

لەباکوری کوردستان گەلەکەمان وشیار بوەتەوە و بۆ گەیشتن بە مافی چارەنوس لەخەباتێکی بێوێنەدا بەردەوامە.

من دەو ڕۆژە گرینگەدا داوا لە هەموو ڕێکخراوو حیزبەکانی باکوری کوردستان دەکەم ک دەرس لە ئەزمونی باشوری کوردستان وەرگرن دەست لە دەستی یەک بنێن بۆ گەیشتن بە ئاواتی دێرینەی گەلەکەمان کە ئازادی هەموو خاکی کوردستانی گەورەیە.

ئێمە شاهیدی ئەوەین کە خوشک و براکانمان لە باکوری کوردستان بە سەدان هەزار کەس بۆ پیرۆزکردنی نەورۆز کۆدەبنەوە و لەسەرئەوەیشڕا کە ئەوان لە ژێر زولمی داگیرکەرانی ترک دان، نێزیک بە دوو ملیۆن کەس دەنگی خۆیان دا بەدەهاپ (DEHAP) و ٤٦ شارەوانی لە ناوچەکانی کوردستان هەلبژێردراون.

لەڕۆژهەلاتی کوردستان گەلەکەمان بەسەرۆکایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەسەر خەباتی ئازادیخوازی بەردەوامە. ڕژێمی خوێنخۆری کۆماری ئیسلامی ڕۆلە تێکۆشەرەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و کۆمەلە بەبەردەوامی لە سێدارە دەدات. بەلاّم گەلی ئێمە سەردانانەوێنێ و ئێمە شاهیدی ئەوەین کە خەلک توانیویە بەزۆری خۆی هەندێک لە باری فەرهەنگی و ڕۆشنبیری وەپێشبکەوێ و نوێنەرانی هەلبژێردراوی کورد زۆر بە وشیاری لەسەر هێندێک لە داخوازێکانی گەلی کورد ڕادەوەستن.

هەروەها لە ڕۆژئاوای کوردستان گەلەکەمان وشیاری خۆی فراوانتر کردوە وە پێموایە ئەگەر حیزبە کوردیەکانی ئەو پارچەیە یەکبگرن و پێکەوە خەبات بکەن دەتوانن زۆر لە ئێستا زیاتر بۆ پاراستنی مافە ڕەواکانی گەلەکەمان بە کەلک بن.

بەو هیوایەی کە گەلی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان بە ئاواتی دێرینەی خۆی، کە هەتا ئێستا سەدان هەزار شەهیدی بۆ داوە بگات.

هەزاران سلاو لەگیانی پاکی شەهیدانی کوردستان.

بژی کورد و کوردستان.

عەلی قازی (کوڕی ڕەش)

**٢٠٠٣/٣/٢٩**

www.kurdistannet.org کوردستان نێت